# كەناڵی ئەلجەزیرە، بە کورد گەمە بە کورد دەکات!

سالار سۆفی
salarsofy@hotmail.com

کەناڵی ئاسمانی ئەلجەزیرە، یەکێکە لەو کەناڵە عەرەبییانەی کە بەردەوام لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیروڕای ڕەگەزپەرستانەیە. بەرنامەی (ئەلئیتیجاه ئەلموعاکس) کە یەکێك لە بەرنامەکانی ئەو کەناڵەیە، چەندین ئەڵقەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە و سووکایەتی بەو ئەو گەل نەتەوە و گروپانە کردووە کە عەرەب نین و لە (نیشتیمانی عەرەب!) دا دەژین، دیارە گەلی کوردیش یەکێك لەو گەلانەیە.

ئەڵقەی ڕۆژی ١١. ٣. ٢٠٠٣ ی بەرنامەکە، بەناونیشانی (کورد و گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان لە عێڕاقدا) بوو. میوانی ئەم ئەڵقەیە دوو کەسایەتی کوردی بوون، ئەمەش وای لە بینەری کورد کرد کە چاوەڕوان بکات ئەم دوو بەڕێزە، لە ڕێی ئەم کەناڵە عەرەبییە ئاسمانییەوە کە بینەرێکی ئێجگار زۆری هەیە، کێشەی ڕەوای گەلی کورد بگەیەننە دونیای عەرەب و دونیای موسوڵمان و هەر هیچ نەبێت سۆزی هەندێکیان بەلای ئەم گەلە ژێردەستەیەدا ڕابکێشن. بەڵام بە داخەوە، ئەگەرچی هەردوو بەڕێزان لە سەرەتاوە کەم تا زۆر ویستیان باس لە کێشەی کورد و قوربانییەکانیان بکەن، بەڵام شێوازی بەڕێوەبردنی ڕەگەزپەرستانەی بەرنامەکە و زیرەکی بەڕێوەبەر لە قووڵکردنەوەی ناکۆکییە لاوەکییەکانی نێوانیان و ئاراستەکردنی بەو ئاراستەیەی خۆی دەیەوێت وای کرد کە نەك هەر سوودێك بە کێشە هاوبەشەکەیان نەگەیەنن بەڵکو هێندەی تریش سووکی بکەن.

مێوانانی کورد بە یارمەتی بەڕێوەبەر، ئاستی کێشەی گەلێکیان هێندە هێنایە خوارەوە تا گەیاندیانە بچووکترین ئاست و باسکردن لە دوو سەرکردە کە بە ڕای یەکێکیان خوێنرێژن و بە ڕای ئەویتریان دەنگی ویژدانی گەل.

کەناڵی ئەلجەزیرە نەك هەر توانی سەرکەوتووانە کێشەی گەلێك بە ڕۆشنبیرانی هەمان گەل لە پێش ملیۆنەها بینەر سووك بکات، بەڵکو لەمەش زیاتر توانی لە زمانی هەریەکێکیانەوە ئەویتر بە بەکرێگیراو بناسێنێت.

بەم جۆرە کەناڵی ئەلجەزیرە لە ڕێگای مێوانە کوردە بەڕێزەکانییەوە سووکایەتییەکی بی وێنەی بە کێشەی گەلی کورد و سەرکردەکانی کورد و تەنانەت خودی مێوانەکانیش کرد.

بەڕاستی جێی داخە، کەسانێکی ڕۆشنبیر تا ئێستا درك بەوە نەکەن کە کێشەیەکی مەزنتر لە سەرکردەکانیان (چ باش و چ خراپ) هەیە بۆ جیهانی دەرەوەی باس بکەن، کێشەیەکی هاوبەشی هێند گرنگ کە گرنگی هیچ سەرکردەیەك ناتوانێت خۆی لە ئاستی بدات، ئەو کێشەیەی کە تا ئێستا جگە لە سەدان هەزار کەسی دڵسۆز و بێ تاوان، دەیان سەرکردە بوونە بە قوربانی، جا چ خوێنرێژ بووبن و چ پەری.

٢٤. ٣. ٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣